كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
8-4-2007 2:50بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# سبەینێ (بێحورمەتی) بە هەموومان دەکرێ! ... ئاری عوسمان خەیات

هەڵوێستەیەکی سوریالیانە سەبارەت بە دەسدرێژیکردنە سەر هاوڕێی ڕۆژنامەنووسم (م. هێمن بابان)
1- ئێوارەی ٢ی ئەم مانگە بوو هەواڵی دەستدرێژیکردنە سەر هاوڕێی ڕۆژنامەنووسم (م. هێمن بابان) م پێگەیشت.. یەکسەر موچوڕکی ئەوەم بە لەشدا هات، کە بەدەر لەوەی ڕۆژنامەنووسان بە سیخوڕ و مشەخۆر و نازانم چی و چی تر، لای خەڵکانی بودەڵە ناوزەدکراون، ئەوا لەم شارەی ئێمەشدا کە ئەگەر لەو پەڕییەوە (بایەکت) لێبێتەوە بە سەعاتێك هەموو کەس پێدەزانێ، بۆ یەکەمجار بێحورمەتیکردن (لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ م. هێمن) بە ڕۆژنامەنووسێك لە مێژووی شارەکەدا تۆمارکرا (هەڵبەت پێشتریش ڕووداوی تر ڕوویانداوە، بەڵام من بزانم، هیچیان وەك ئەمجارەیان نەبووە) ..
2- لێدان و ئیهانەکردنی ئینسانێك هەروا ئاسان نییە، بە تایبەت ئەگەر هات و ڕۆژنامەنووسیش بێت، بەڵام وادیارە لەم وڵاتەی ئێمەدا کار لە کار ترازاوە، ئەمەش واقیعییەتێکی تاڵ و ترشە، ئێمە لێیدەژین، چونکە ئەوەتا بە ناوی هەرچییەکەوە بێت دەستدرێژی دەکرێتە سەرت و بە هەزار (جگ و ڤگ) ئەنجاکێیش کەسێك خۆی لێتناکا بە خاوەن..
3- ئەوەی مەبەستمە ئەمەیە: چەن ڕۆژە چاوەڕێی ئەوە بووم ئەوانەی ناوی خۆیان ناوە ڕۆژنامەنووس لە کفریدا، هەڵوێستێك وەربگرن سەبارەت بەو ڕووداوەی کە ئەگەر کار وابڕوات ئەگەریی دووبارە بوونەوەی زۆر ئاسانە، کەچی نەك هەر عەقڵیان پیانەشکیا و نەیانتوانی، (هیچ نەبێ) کۆدەنگییەك، لە پرۆسەی ئیمزا کۆکردنەوەیەکدا ئەنجامبدەن، بەڵکو وەك من ئاگادارم هەنێك لەو بەناو ڕۆژنامەنووسانە لە چاوەڕوانییەکی ماتیگرانەی (فزووڵی) سەر سەختدان بۆ ئەوەی بزانن: (ئەها شکایەت و شکایەتکارییەکەی (م. هێمن) گەیشتە چی و کەی ئەوانە دەگیرێن کە تەعەدایان لێکردووەو..
ئاخۆ ئەوان چی تر دەکەن و هەزار و یەك ئەملاوئەولا کردنی تر) .. لێرەشەوە ئەڵێم: حەیف بۆ خۆرنەوەزان و زەنگ.. کە دوو هەفتەنامەی ئەم شارەن و تەنانەت هیچیان بە ئەرکی خۆیانیش تێینەگەیشتن، تا بە هەواڵێك لە سووچێکی لاپەڕەیەکی خۆیاندا بڵاویبکەنەوە.. حەیف و بگرە عاجباتیشم لێدێ، کە ئەوان دەتوانن قسەی قەبە و گەورەی تر دەنووسن!!
4- ئەوەی لەگەڵ (هێمن بابان) کرا و (بەخۆمیشەوە) کە وەك پێویست لێینەهاتووینەتە دەنگ، ئاماژەیەکی خەتەرناکە لەوەی دوور نییە لە هەر کات و ساتێکی تردا، لەگەڵ هەر یەك لەوانەشدا دووبارە بکرێتەوە، کە ئەمڕۆ بە لاقرتێوە باسی ئەو ڕووداوە دەکەن..
5- من هیچ پێوەندییەکم لەگەڵ (مامۆستا هێمن) دا نییە، بەدەر لەوەندەی کە ئەویش وەك من ڕۆژنامەنووسە. هەرچییەکیشم هەبێ و نەبێ هەر ئەو خاڵە هاوبەشەیە کۆی کردووینەتەوە. پێدەچێ لە شێوازی بیرکردنەوەماندا جیاوازیشمان هەبێ، بۆیە ئەم هەڵوێستنامەیە تەنها لەو ڕووانگەیەوە بڵاودەکەمەوە، کە ئێمەش (ڕۆژنامەنووسانی کفری) ئیتر لەم ڕووداوەوە فێربین تا بتوانین بوێرین قسەیەك لەسەر یەکتر بکەین و بۆ یەکتریشی دەربخەین، کە ئینسان هەڵوێستە، نەك (هات و هووت) ..
6- هیوادارم لایەنە پێوەندارەکان، بە تایبەت (سەندیکای ڕۆژنامەنووسان) هەڵسن بە کاری یاسایی و پێویستی خۆیان، بۆ ئەوەی چیتر بێحورمەتیکردن بە ڕۆژنامەنووسان و قەڵەم بە دەستان هەروا وەك ئاو خواردنەوە بەسەر کەسدا تێنەپەڕێ..
تێبینی:

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

2:50 8-4-2007بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

1. هەر ڕۆژنامەنووسێك ئەو قسانەی سەرەوە، بە خۆی تێدەگا، ئەوا ئەڵێم: من دارم هەڵبڕیوە بۆیە (... ) ی دز خۆی دیارە!!

2. هیچ منەتێکم بە (م. هێمن) نییە، بۆیە ئەگەر شکی لە دڵسۆزی ئەم کارەم هەیە، با بیدرکێنێ.. !! منیش مەمنونی دەبم..

ئاری عوسمان خەیات
(هەر بە تاقی تەنیا)
8ی نیسانی 2007
کفری

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.